Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090402

# هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو بۆ پۆلی دوانزەی وێژەیی لەبەر ڕۆشنایی پۆلێنی بلۆم لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە

**سامان حسین ئەحمد**

بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان // کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی// زانکۆی سلێمانی

**زانا عوسمان محمد**

بەشی پەروەردەی تایبەت // کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی// زانکۆی چەرموو

**هێژا عبدالله حمد حسن**

**بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان // کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی// زانکۆی سلێمانی**

## Article Info

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

## Keywords

هەڵسەنگاندن،پرسیارەکانی تاقیکردنەوە، بابەتی مێژوو ، پۆلێنی بلۆم ، مامۆستایانی بابەتەکە.

## Corresponding Author

saman.abdullah@univsul.edu.iq
zana.othman@charmouniverstiy.org
hezha.hamad@univsul.edu.iq

## پوختە

بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە پرسیارەکان گونجاون ، و لەگەڵ گۆرانکاری و پێشکەوتنەکان و ئاستی خوێندکاران دەگونجێن و ئامانجە پەروەردەییەکان بەدەست دێنن، و پێویستە بخرێتە ژێر پرۆسەی هەڵسەنگاندنەوە بە مەبەستی دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانیان ، هەروەها دیاریکردنی خاڵە لاوازەکان بەئامانجی چاك كردن ، هەروەها ئەو خاڵانەش کەبەهێزن زیاتر پەرەی پێبدرێت، بە واتای چەند هەنگاوێك بەرەو چاککردن ، و پێشخستن و گونجاوی ئەم پرسیارانە .

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کە هەتا ئێستا هەڵسەنگاندنی لەو جۆرە زۆر بە کەمی یان هەر ئەنجام نەدراوە لە هەرێمی کوردستاندا، لە کاتێکدا وەزارەتی پەروەردە لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی و نەوەیەکی زانستخواز بەو ئامانجەی هاوشانی پێشکەوتنەکان و پێداویستیەکانی سەردەم بێت و پەرەسەندنە نوێیەکان لەم بوارەدا جێبەجێ بکات.

ئامانج لەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی پۆلی (١٢) وێژەیی بابەتی مێژووە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) بەپێی خشتەی تایبەتمەندی و پۆلێنی بلۆم، هەروەها هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو بۆ پولی (١٢) وێژەیی لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە ، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ) و ساڵانی خزمەت و بڕوانامە، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانەش میتۆدی وەسفی(پەسنی شیکاری) بەکارهێناوە، ئامرازەی توێژینەوەکەش دیاریکردنی پرسیارەکان بەپێی ئاستەکانی پۆلێنی بلۆم وئامادەکردنی پێوەرێك بۆ پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بۆ ساڵی خوێندن (٢٠٢٠-٢٠٢١) کە بريتي بوو لە(٤٤)بڕگە لەپاش دلنیابوون لەڕاستی و جێگری پێوەرەکە . جێبەجێکرا بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا ، کەنموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لەپرسیارەکانی تاقیکردنەوە کە(٥٠) پرسیاری لەخۆگرتبوو، هەروەها مامۆستایانی بابەتی مێژوو لەپارێزگای سلێمانی کە(١٣١) مامۆستا بوو، توێژەرڕێژەی سەدی و پرۆگرامی (spss)ی بەکارهێناوە بۆ داتاکان ، هەروەها لەکۆتایدا خستنەڕووی دەرئەنجامەکان و چەند پێشنیارەیەك لەژێر ڕۆشنایی توێژینەوەکە .

**پێشەکی:**

**بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە:-**

**١-١کێشەی توێژینەوەکە:**

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقی فیدراڵ، لەهەوڵی ئەوەدایە،کە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیستەمی پەروەردەدا بکات، تاکو پرۆسەی پەروەردە لەسەرجەم رووەکانەوە لەئاستی گۆڕانگارییەکاندابێت ،کە لە کوردستان و عێراق و جیهاندا روویانداوە، بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامی پێداویستی وداواکارییەکانی تاك وکۆمەڵ بداتەوە، بۆئەم مەبەستە کۆنگرەی پەروەردەیی لە (مایسی 2007 )دا گرێدا وکۆمەڵێك گۆڕانکاری لەسیستەمی پەروەردەیی کوردستاندا ئەنجامدا لە راپۆرتی کۆتایی کۆنگرەدا ئاماژەکراوە بەوەی، کە تاقیکردنەوەکان بەشێوەیەکی گشتی کەموکورتیان تێدایە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت خراپ بن، بەڵکو پێویستە کاریان بۆبکرێت. هەروەها لەیەکێك لەڕاسپاردەکانی کۆتایی کۆنگرەکەدا هاتووە، کە پێویستە چاوخشاندنەوە بە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی پۆلی دوانزەی وقۆناغەکانی تردا بکرێت( راپۆرتی کۆنگرەی پەروەردەیی، 2007: 464).

**پرسیاری توێژینەوەکە :-**

دەتوانین کێشەی توێژینەوەکە لەم پرسیارانەدا بخەینە روو -:

١-ئایا پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی نیشتمانی بابەتی مێژووی پۆلی دوانزەی وێژەیی سەرجەم ئاستەکانی زانیاری بەپێی پێوەرەکەی بلوم لەخۆگرتووە؟

٢- ئایا پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی نیشتمانی بابەتی مێژووی پۆلی دوانزەی وێژەیی بەپێی خشتەی تایبەتمەندی لەچ ئاستێکدایە؟

٢- ئایا پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی نیشتمانی بابەتی مێژووی پۆلی دوانزەی وێژەیی لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە لەچ ئاستێکدایە؟

**١-٢گرنگی توێژینەوەکە:**

پرسیاری تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ دەریدەخات، کە تاچەند مامۆستایان پابەندن بە بابەتی پلاندانانی زانستی گونجاو بۆ پرسیارەکان و بایەخدان بە ئاستی زانستی بۆ ئەو تاقیکردنەوانە . پرسیارە جۆراوجۆرەکان، کە لە تاقیکردنەوەکاندا بەکاردەهێنرێت پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان جۆری پرسیارو جۆر و بیرکردنەوەی خوێندکاردا، هەرچەندە مامۆستایان پرسیارێك دابنێن ببێتە مایەی وروژاندنی هزری خوێندکار(عودە،2002: ٥).

لە کۆتاییدا ئەم توێژینەوەیە گرنگیەکەی لەم خاڵانەدا دەخەینە روو:

١_گرنگی هەڵسەنگاندن وەک ئامرازێکی دیاریکردن و چارەسەر و گرنگی هەڵسەنگاندنی پرسیارەکان لە پرۆسەی پەروەردەییدا.

٢_وەک هۆکارێك بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان و زانینی بەهێزی ولاوازیش لە ئاستەکانی پرسیاری تاقیکردنەوەی وەزاری کۆتایی بۆ بابەتی مێژوو بۆ پۆلی دوانزەی وێژەیی..

٣_ بەشی تاقیکردنەوەکان کە تیایدا ڕێنمایی دەداتە مامۆستایان لە ڕێگەی زانینی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی پرسیارەکانەوە، وە دامەزراوە پەروەردەییەکان بەگشتی .

٤_گرنگە بۆ وەزارەتی پەروەردە و لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئاگادار بونیان لە پرسیارەکانی دوانزەی وێژەیی بابەتی مێژوو ، کە بتوانن سوود لەلایەنە باشەکانی وەربگرن و هەوڵی کەمکردنەوەی کەموکوڕیەکانی بدەن.

٥_ گرنگە بۆمامۆستایان و پسپۆڕانی بابەتی مێژوو کە دەبنە لیژنە بۆ دانانی پرسیارەکانی بابەتی مێژوو پۆلی دوانزەی وێژەیی وەک بەرچاوڕوونییەک کە خۆیان بەدوربگرن لەوکەم وکوڕیانەی کە لە پرسیارەکاندا دەردەکەون.

٦_گرنگە بۆ توێژەرەکان، کە لە ڕێی هەنگاوەکانی ئەم توێژینەوەیەوە دەتوانن توێژینەوەکانیان ئەنجام بدەن.

٧_گرنگە بۆ بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان و بەشی پەروەردەی مێژوو وەک توێژینەوەیەکی نوێ بۆهەڵسەنگاندنی جۆری پرسیار وەک سەرچاوەیەکی زانستی.

٨_ئاگادارکردنەوەی شارەزایانی پەروەردەیی سەبارەت بە واقیعی ئێستای تاقیکردنەوەکانی دوانزەی وێژەیی لەکوردستان، بەئامانجی نوێکردنەوەو بەرەوپێشبردنیان.

**١-٣ئامانجی توێژینەوەکە:**

١-ئامانجی یەکەم :هەڵسەنگاندن وشیکردنەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو بۆساڵی خوێندنی(٢٠٢٠-٢٠٢١) بەپێی خشتەی تایبەتمەندی و پۆلێنی بلۆم.

٢-ئامانجی دووەم : هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو بۆ پۆلی (١٢) وێژەیی لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە ، بەپێی گۆڕاوی رەگەزی (نێر و مێ).

٣-ئامانجی سێ یەم : هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو بۆ پۆلی (١٢) وێژەیی لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە ، بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی (دبلۆم-بەکالۆریۆس).

٤-ئامانجی چوارەم: (هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو بۆ پۆلی (١٢) وێژەیی لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە ، بەپێی گۆڕاوی (ساڵانی خزمەت).

**١-٤سنوری توێژینەوە:**

سنوری بابەتی:هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی نیشتمانی بابەتی مێژووپۆلی دوانزەی وێژەیی لەبەرڕۆشنایی پۆلێنی بلوم

سنوری مرۆیی: سەرجەم مامۆستایانی بابەتی مێژووبۆپۆلی دوانزەی وێژەیی.

سنوری کات: ساڵی خوێندنی(٢٠٢٠-٢٠٢١).

سنوری شوێن: خوێندنگەکانی پارێزگای سلێمانی لەهەرێمی کوردستانی عیراق

**١-٥پێناسەی چەمکەکان:**

**١-٥-١هەڵسەنگاندن:**

پێناسەی (ئەلزغول،٢٠١٥): بریتییە لە بڕیاردان لەسەر ئەو شتانەی دەمانەوێت بڕیاری گونجاوی لەبارەوە بدەین. وە پرۆسەی هەڵسەنگاندنیش پشت بە پرۆسەی پێوانەکردن دەبەستێت (ئەلزغول، ٢٠١٥:٣٧٥).

**١-٥-٢تاقیکردنەوە:**

پێناسەی ( حەسەن ، ٢٠١٣): بریتییە لەو ڕێو شوێنە زانستییە ورد و ڕێکخراوەی ، کە ئەنجام دەدرێت، تاوەکو بزانرێت تا چ ئاستێک خوێندکار سوودی لەوزانستانە بینیوە کە پێیدراوە وتێیگەیشتووە، واتە خوێندکارێ هەڵدەسەنگێنرێت، دەرگایەکە، کە خوێندکاری بۆ گەیشتن بە ئاست و قۆناغێکی نوێ دەبێت پێیدا تێپەڕببێت( حەسەن ، ٢٠١٣: ٨٥).

**١-٥-٣پێناسەی مێژوو:**

پێناسەی (ئەحمەد ،٢٠٢٠) : زانستی مێژووجۆرێکە لە لێکۆڵینەوەی زانستی ئامانجی گەڕانە بەدوای کوششی مرۆڤ لەڕابردوودا، ئەوەش بەپشتبەستن بەلێکدانەوەی بەڵگەنامەکان.(ئەحمەد ،٢٠٢٠: ٧٧)

**١-٥-٤پۆلێنی بلوم:**

پێناسەی ( بلوم واخرون، 1983): سیستمێکە کە لە ساڵی 1956 لەلایەن بلوم و هاوپیشەکانی وەسف کراوە بۆ پۆلێنکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان لە بواری مەعریفەدا و شەش ئاستی هەیە لە ڕیزبەندیدا .بەشێوەیەکی هەرەمەکی یەک لەدوای یەک لە ئاستێکی سادە دەست پێدەکات و لە ئاستی ئاڵۆزدا کۆتایی دێت( بلوم واخرون، 1983: 407)

بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە:

٢-١-١: هەڵسەنگاندن:-

کرداری هەڵسەنگاندن بە بنەمایەك بۆ بڕیارە پەروەردەییە دروستەکان دادەنرێت لەپێناو بەرەوباشبردن و پێشخستنی پرۆسەی پەروەردەییدا بەجۆرێك ئامانجە دانراوەکان بەدیبهێنێت، ئەمەش نایاتەدی ئەگەر هەڵسەنگاندنەکە گشتگیر نەبێت بۆ سەرجەم ئەنجامەکانی پرۆسەی خوێندن، پێویستە هەڵسەنگاندن فراوانبێت، کە پرۆسەی فێرکردن و پرۆگرامی خوێندنی پلان بۆ دارێژراو بگرێتەوە، هەروەها ڕەگەزی هەڵسەنگاندن پێویستە تاکوکۆمەکی ئەوانە بکات کە هەڵدەستن بەکاروباری پرۆگرام و کتێبی خوێندگە بە داتاو زانیاری پێویست لە پێناو ڕاستکردنەوەو بەرەوپێشبردنی هەندێك لایەنی بنەڕەتی دا، کە ڕێگری دەکەن لە گەیشتن بە مەبەستە خواستراوەکان لەپرۆگرامی خوێندنگە و دۆزینەوەی چارەسەری شیاو لەکات و شوێنی گونجاودا. (ماهر و أخرون، 2003 : 22 )

گرنگی پرۆسەی هەڵسەنگاندن خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە لە یەك کاتدا هەریەك لە کردارەکانی دیاریکردن و پێوانە و فیدباك و بڕیار و چارەسەری لاوازی و بەهێزترکردنی خاڵەبەهێزەکانی تێدا بەدیدەکرێت، هەریەکە لەوانە خاوەنی گرنگی تایبەت و پێویستن بۆ پرۆسەی وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندنی ئاستی خوێندکار لەلایەن مامۆستاکەیەوە. وەنەبێت هەڵسەنگاندن وەك لایەنێکی لێهاتوویی تەنها لە کۆتایی ساڵ یان کۆتایی بەشەوانەیەك ئەنجامبدرێت، بەڵکو هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی بەردەوامە و هاوشان و هاوتەریبە لەگەڵ خاڵی دەسپێکی پرۆسەی پەروەردەکردن و لەناویشیدا وانەوتنەوە تا خاڵی کۆتایی پرۆسەکە، بە واتایەکی تر هەڵسەنگاندن هەماهەنگە لەگەڵ هەریەك لە پرۆسەکانی پلاندانان، جێبەجێکردن و بەدواداچوونەکان.(علي،2007: 233 ).

٢-٢-١:پرسیارەکان:

پرسیارەکان لەچوارچێوەی پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا(پرسیار) بەئامرازێکی گرنگی تاقیکردنەوە دادەنرێت ،لەڕێگایەوە مامۆستا دەتوانێت ئاستی خوێندکاران ئاشکرا بکات و پاڵنەریان بۆ دروست بکات. لەهۆکارە گرنگەکان کەهانی خوێندکاران دەدات بیرکردنەوەی کارا ئەنجام بدەن،بریتییە لەجۆروشێوازی داڕشتنی پرسیارەکان و ئەوپرسیارەش بەباشی دادەنرێت کەڕۆڵی هەیە لەوروژاندنی بیرکردنەوەی خوێندکاران. گرنگە مامۆستایان ئەوە بزانن دەبێ هەوڵبدەن لەڕێگای پرسیارەکانەوە توانا هزرییەکانی خوێندکاران بوروژێنن ،ئەمەش لەڕێگای بەکارهێنانی پرسیاری گونجاوەوە کەهەر پرسیارێك گوزارشت لەئاستێکی دیاریکراوبکات.شارەزایانی بواری پەروەردە وفێرکردن ووشە و دەستەواژەی گونجاویان بۆ ئاستەکان دەستنیشانکردوە(محمد ،٢٠١٣: ١٠٠).

٢-٣-١: تاقیکردنەوە:

تاقیکردنەوە گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە وەک ڕەگەزو بنەمایەکی گرنگ لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، لەسەرجەم ئاستەکانی ناوەندە فێرکارییەکاندا تاقیکردنەوە ڕۆڵی یەکلایی کەرەوە دەبینێت وەک تێپەڕاندنی ئاست و سیمستەروکۆرس و قۆناغێک بۆ قۆناغێکی نوێ هەرلەم ڕووەشەوە زۆرگرنگی بەجۆرەکانی تاقیکردنەوە دراوەو چەندین توێژینەوەی لەسەرکراوە.

پێش هەزارەها ساڵ چینیە کۆنەکان تاقیکردنەوەی جۆراو جۆریان بۆ هەڵسەنگاندنی توانای تاکەکانیان و هەڵبژاردنی سەرکردەو لێپرسراو و بەڕێوەبەر و فەرمانبەری سەرکەوتوو و بلیمەت بەکارهێناوە،هەروەها لەکۆمەڵگای یۆنانی کۆن فەیلەسوفەکانی وەك(سوقرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ) فێرخوازەکانی خۆیان هەڵسەنگاندووە لەڕێگەی تاقیکردنەوەی زارەکی و پرسیاری جۆراو جۆرەوە،تواناو لێهاتووییەکانیان دیاریکردوە(قەرەچەتانی،221:2013).

تاقیکردنەوە پێناسە دەکرێت: بریتیە لە کۆمەڵێك پرسیاریان هەڵوێست ،کە داوا دەکرێت خوێندکار وەڵامی بداتەوە. تاقیکردنەوەش هەموو ئاماژەکان ناگرێتەوە کە ئاماژە دەکەن بۆ بوونی سیفەت یان خەسڵەتێك لای تاك ، بەڵکو بریتیە لە نمونەیەك گریمانە دەکرێت نمایشی ئەم ئاماژانە دەکات، بۆ نمونە لەهەر تاقیکردنەوەیەکی وەزاریدا مەعقول نیە پرسیارەکان هەموو کتێبەکەی لەخۆگرتبێت بەڵکو نمونەیەك لەکتێبەکە کە هەموو بابەتەکانی لەخۆگرتبێت.

٢-٤-١: بابەتی مێژوو:

بابەتی مێژوو ئێستا یەکێکە لەو زانستە مرۆییانەی کە کاریگەری و پێگەیەکی دیاری لە نێو پانتایی مەعریفەی هاوچەرخدا هەیە . بۆیە بیرمەندان ئێستا لە دیدوو تێڕوانینی جیاوازەوە ئاقارو ئاڕێشەو کەلێن و کەوشەنەکانی هزریانە تاوتوێ دەکەن ، ئەم پێگەیەشی لەوەوە وەرگرتووە چونکە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی و شوێنەکان چاخەکان ، بۆیە خوێندنی ئەم بابەتە یارمەتیدەرە بۆتێگەیشتن وگەشەپێدانی ژمارەیەکی زۆر لێهاتوویی (دربک بل، ٢٠٠٧ : ١٤٩)، جگەلەوەی کە لە ڕابردوو بونی ڕەهەندی مێژوویی یارمەتیدەر دەبێت لە پرۆسەی پەروەردە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە لە ڕابردوو بۆمان ماوەتەوە و لەوەشی کە ئێستا ئامادەمان کردوە ، وچۆن پلان دادەنێن بۆ داهاتوو هەروەک یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە گرفتە پەروەردەییە جیاوازەکان لە ژێر ڕۆشنایی ئەو گرفتانەدا ، کە مرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕیوە لە قۆناغە مێژووییەکاندا. لەبەرئەوەی پرۆسەی وانە وتنەوە سەیری مامۆستاو خوێندکار دەکات وەکوو دوو یەکەی تەواوکار، وە ڕێگاکانی فێرکردن کە پشت بە لەبەرکردن و دوبارە کردنەوە و پێدانی وانە دەبەستن ، بەوانە وتنەوە دانانرێت، کە مەبەستیان ئاخنینی هزرە بە مەعریفەوزانیاری بە شێوەیەکی میکانیکی، بەڵکو وانەوتنەوە پەیوەندیەکی کارلێکییە لە نێوان مامۆستاو خوێندکاردا لەسەر فەراهەمکردنی ژینگەیەکی ئازاد بۆ دەربڕینی

بۆچونەکان وەستاوە ئەمەش دەبێتە هۆی بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانە و ڕەخنەگرانە و تواناى شیکردنەوەی ئەو بابەتانەی خراونەتە ڕوو لەهەر لایەنێک لە لایەنەکانی ژیان ئەمەش یارمەتیدەرە بۆگەشەسەندنی تواناکانی خوێندکار.( الرشدان ونعيم ، ٢٠٠٢: ١٩-٢٠ - ٢٦٨)

٢-٥-١: پۆلێنی بلۆم:

زانای بواری پەروەردە بلۆم ئەم بوارەی دابەشی شەش ئاست کردوە بەشێوەی قوچەکی (هەڕەمی) ڕیزی کردون لەنزمترین ئاستەوە بۆ بەرزترین ئاست واتە ئاستی یەکەم (یادکردنەوە ومعریفە) لەبنی قوچەکەکەیەوە دەبێت بەبناغە بۆئاستی دووەم (تێگەیشتن ) وە ئاستی دووەم دەبێت بەبناغە بۆ ئاستی سێ یەم (پراکتیزەکردن یان جێبەجێکردن)، بەم شێوەیە تا دەگاتە ئاستی شەشەم ئەوەیش (هەڵسەنگاندنە) کەدەکەوێتە ترۆپکی قوچەکەکە و بەبەرزترین ئامانج و توانستی عەقلی و ئاستی پۆلێنەکەی بلۆم دادەنرێ. دەتوانین ئاست و ئامانجەکانی بلوم لەم شێوەی خوارەوە روون بکەینەوە.

١-ئاستی بیرهاتنەوە:

بریتیە لەتواناى یادکردنەوەی زانیاری و مەعریفە کە پێشتر وەرگیراون و لەکۆئەندامی یادکردنەوەدا عەمبارکراون، تاقیکردنەوەی ئەم ئاستە بەپرسیارکردنە لەخوێندکارەکە ، دەربارەی واتاى هەندێك لەووشەکان، دەست پێدەکات،پاشان پرسیارەکان، پلە بەپلە لەسوکەوە بۆ قورس رێزدەکرێن(قەرەنی ، ٢٠١٣ :٥٨).

٢-ئاستی تیگەیشتن:

پرۆسەی فێربوونی زانیاری و معریفی نوێیە ، لەم هەنگاوەدا پێویستە فێرخواز فێری پێناسە و هۆ وخاڵ ناوەڕۆکی بابەتەکە بێت، بۆ نمونە فێرخواز تواناى ((گێڕانەوە ، کورت کردنەوە ، جیاکاری ،هەموارکردن ،نووسین ،گۆڕین ))ی هەبێت(قادر،٢٠٢٠: ٢٥٤).

٣-ئاستی جێبەجێکردن :

بریتییە لەپرۆسەی جێبەجێکردنی ئەو زانیاری و مەعریفیانەی فێریان بووە لەئاستی دووەم، واتە خوێندکار پێویستە فێری دیاریکردنی هۆکارەکان ببێت، هەروەها ئەوزانست و مەعریفەیەی فێری بووە، تێگەیشووە، پۆلێنیان بکات و خەڵبەندیان بکات، هاوکات لەهەڵویستی نوێ جێبەجێیان بکات(قادر، ٢٠١٨:٣٦-٣٧) .

٤-ئاستی شیتەڵکردن :

ئەم ئاستە ئەوە دەخوازێت فێرخواز ناوەڕۆکی فێربوون دابەش و شیبکاتەوە بۆ پێکهێنەرە سەرەکیەکانی و لە یەکەیەکەی ئەو پێکهێنەرانەو پەیوەندییان بە یەکترەوە تێبگات . هەندێک لەو کردارانەی لە داڕشتنی ئامانجی ئاستی شیتەڵکردن بەکاردێن : پۆلێنیبکات ، جیاییبکاتەوە ، ئاماژەی پێبدات ، دابەشی بکات ، وردبینی بکات ، ئەزموونی بکات ، شیتەڵی بکات ، پێکهێنەرەکانی بناسێنێت ، ڕەگەزەکانی دیاری بکات ، جیاکاری بکات ، جیاوازی بکات ، ئەژماری بکات ، لێکبترازێنێ(القلا و ناصر و جمل،2016 : 433).

٥-ئاستی پێکهێنان :

ئەم ئاستە پێچەوانەی ئاستی شیتەڵکردنە ، لەم ئاستەدا فێرخواز بەشەکانی ناوەڕۆکی فێرکردن پێکەوەدەنێت و پێکهاتەیەکی نوێی لێ دروستدەکات کە بەرئەنجامی کاری فێرخوازە ، ئەوەش ڕەفتارێکی داهێنەرانەی فێرخوازە، نەک چاولێکردنی ئەوانی تر . توانا و کارامەیی فێرخوازیش لە شیتەڵکردن و پێکهێنانی شتی نوێ زیاد دەکات (ئەلزەغول ،٢٠١٥: ٦٠).

٦-ئاستی هەڵسەنگاندن :

ئەم ئاستە بەرزترین ئاستی ئامانجی ڕەفتارییە لە بواری مەعریفی و لە لوتکەی هەڕەمەکەدایە ، چونکە زۆرێک لە ئاستەکانی پێشوولە خۆدەگرێت ، ئەمەش بە واتاى نرخاندن و حوکمدان لەسەررووداو، کەس ، دامەزراوە ، پرۆژە ، سیستەم ، یاسا ، ....تاد ، لەسەربنەمای چەند پێوەرێک دەبێت کە پێشتر دانراون . هەڵسەنگاندنەکەش دەگونجێت چۆنیەتی یا چەندێتی بێت . هەندێک لەو کردارانەی لە داڕشتنی ئامانجی ڕەفتاری ئاستی هەڵسەنگاندن بەکاردێن : بڕیار بدات، هەڵسەنگێنێت ، بەراوردی بکات ،بنرخێنێت ، بەهای دیاری بکات ، بەپێی گرنگی ڕیزی بکات ،پاڵپشتی بکات ، داکۆکی بکات ، بۆچوونی خۆی ڕوونبکاتەوە ، لەبارەیەوە بدوێ ، ڕاستیبکاتەوە ، هەڵهێنجێت (بلوم، بنجامين وآخرون1985،٣٧).

**٢-٦-١:توێژینەوەکانی پێشوو:**

**لیستی توێژینەوەکانی پێشوو:**

**خشتەی (٢-٢-١)**

| ناوی توێژەرو ساڵ | ناونیشانی توێژینەوە |
|---|---|
| کاوە علی محمد (٢٠١٣) | ڕێژەی ڕەچاوکردنی ئامانجە پەروەردەییە هزرییەکان بەپێی پۆلێنی بلۆم لەپرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ لەبابەتی مێژووی پۆلی شەشەمی ئامادەیی. |
| بدربن حمد بن حميد البادي(2020) | تقويم اسئلة االختبارات النهائية لمواد الدراسات االجتماعية للصف العاشر في ضوء مستويات بلوم المعرفية وقواعد صياغة اسئلة االختيار من متعدد |
| يوسف احمد خليل (٢٠١٠) | تقويم أسئلة االمتحانات الوزارية لمادة األحياء للصفين الثالث المتوسط والسادس العلمي من وجهة نظر المدرسين والمدرسات |
| زينة حسن توفيق جاسم(2012) | تقويم الأسئلة ألامتحانية الوزارية لمادة الجغر افية للصف السادس الابتدائي على وفق تصنيف بلوم |
| و اثق عادي راهي الحسيني(2020) | تقويم أسئلة مادة اللغة العربية للصف السادس العلمي في ضوء معيارجدول المواصفات |

٢-٦-٢ توێژینەوەکانی پێشوو:

| ناوی توێژەرو ساڵی توێژینەوە | ئامانجی توێژینەوە | متیۆد وکۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە | ئامرازی توێژینەوە | ئەنجامی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|
| کاوه علی محمد (٢٠١٣) | ١-ڕێژەی ڕەچاوکردنی ئامانجە پەروەردەییە هزرییەکان بەپێی پۆلێنی بلۆم کەبریتین(لەبەیادهاتنەوە، تێگەیشتن، جێبەجیکردن ،شیکردنەوە، پێکهینان، هەڵسەنگاندن) لەپرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانی کۆتایي هەریەك لەساڵەکانی (٢٠٠٦-٢٠٠٦)(٢٠١٦-٢٠٠٧)(٢٠٠٧-٢٠٠٨)(٢٠٠٨-٢٠٠٩)(٢٠٠٩-٢٠١٠)(٢٠١٠-٢٠١١) لەوانەی مێژووی پۆلی شەشەمی ئامادەیی لەهەرێمی کوردستان.<br>٢- ڕێژەی ڕەچاوکردنی ئامانجە پەروەردەییە هزرییەکان بەپێی پۆلێنی بلۆم کەبریتین(لەبەیادهاتنەوە، تێگەیشتن، جێبەجیکردن ،شیکردنەوە، پێکهینان، هەڵسەنگاندن)بەشێوەیەکی گشتی لەپرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانی کۆتایي ساڵانی خوێندنی (٢٠٠٥) تاکو(٢٠١١) | میتۆدی وەسفی ، پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانی کۆتایي ساڵەکانی (٢٠٠٥)تاکو(٢٠١١)بۆ بابەتی مێژوو کە بریتي بوون (١١٠) پرسیار، نمونەکەی واپێویست دەکات شیکردنەوەی ناوەرۆك بۆ سەرجەم پرسیارەکان بکرێت بەم جۆرەش دەکرێ ناوەی نمونەی توێژینەوە بنرێت سامپلی (حصری شامل) واتا شیکردنەوە بۆ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە ئەنجامدرا. | قۆرمی شارەزایان (ئامرازی شیکردنەوە) | بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان (٢٠٠٥-٢٠١١) ئەو پرسیارانەی لەئاستی بەیادهاتنەوە بوون بەپلەی یەکەم هاتوون ، ڕێژەیان دەگاتە(٤٨%) پرسیارەکان،و دواتر ئاستی شیکردنەوە دێت کەبەڕێژەی (٣١%) هاتووە ، و پلەی سێیەمیش پرسیارەکانی ئاستی تێگەیشتن دێت بەڕێژەی (٢١%) . هەروەها ئامانجە گشتیەکان ئەوەیان دەرخست کەلەپرسیارەکانی ساڵانەی (٢٠٠٥) تاکو (٢٠١١) بەهیچ شیوەیەك ڕەچاوی ئاستەکانی (ئەنجامدان) و(پێکهێنان)و (هەڵسەنگاندن) نەکراوە و ڕێژەی پرسیارەکاتی ئەو سێ ئاستە (٠%) بوو. |
| واثق عادي راهي الحسيني(٢٠٢٠) | هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی بابەتی عربی بۆ پۆلی شەشەمی زانستی لەنێوان ساڵانەی ٢٠١٤-٢٠١٨ی خولی یەکەم و دووەم. | میتۆدی وەسفی ، پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی بابەتی عربی بۆ پۆلی شەشەمی زانستی لەنێوان ساڵانەی (٢٠١٤-٢٠١٥) کەژمارەیان ٣٠ پرسیارە، ژمارەی لقی پرسیارەکان ١٥٥ پرسیارە. | قۆرمی شارەزایان(ئامرازی شیکردنەوە) | ١-پرسیارەکانی تاقیکردنەوە وەزارییەکان بۆ پۆلی شەشەمی ئەدەبیات و تێکستەکان تیشکی خستە سەر ئاستی زانین لە شەش ئاستی پۆلێنکردنی مەعریفی بلوم و پێنج ئاستی دیکەی فەرامۆش کرد. |
| بدر بن حمد بن حميد البادي(٢٠٢٠) | ١-بۆ دیاریکردنی ڕادەی ئەوەی تا چەند پرسیاری هەڵبژاردن لە تاقیکردنەوەی کەرەستە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ پۆلی دەیەم لە پەیمانگا ئیسلامییەکاندا لەگەڵ ستاندارده پەروەردەییەکانی تاقیکردنەوەی باشدا دەگونجێت<br>٢-بۆ دیاری کردنی ناسینی پێوەرەکانی کوالێتی بۆ ئاستی مەعریفی (بیرکەوتنەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە، پێکهاتن و هەڵسەنگاندن) لە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی کەرەستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پۆلی دەیەم | میتۆدی وەسفی ، (١٨) پرسیاری تاقیکردنەوەکانی کۆتایی خولی یەکەم و خولی دووەمی بابەتی کۆمەڵایەتی و مێژووی عمان لەنێوان ساڵانەی ٢٠١٥-٢٠٢٠، ٦٠ پرسیار بابەتی کۆمەڵایەتی بوو ، و ٦٠ پرسیار بابەتی مێژووی عمان بوو ، کەسەرجەم لقەکانی پرسیارەکان ١٢٠ لق بوو. | قۆرمی شارەزایان(ئامرازی شیکردنەوە) | ئەنجامەکان دەریانخست کە ئاستەکانی خوارەوەی بلۆم ( بیرکەوتنەوە، تێگەیشتن، و جێبەجێ کردن،و شیکردنەوە) زۆرترین ڕێژەیان تیابوو، بە تایبەتی ئاستی بیرکەوتنەوە، کە یەکەم بوو، وئاستەکانی تری وەك(پێکهینان و هەڵسەنگاندن)ی لەخۆنەگرتووە. |
| یوسف احمد خلیل، ٢٠١٠ | هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی بابەتی زیندەورەزانی بۆ پۆلی سێ یەم وشەشەمی زانستی لەتێروانینی مامۆستایانی پیاو وژنان بەپێی پیوەری (جۆری ، زانستی ،وێژدانی ، جوڵەیی بابەتی و هونەری). | میتۆدی وەسفی ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە(٣٤٩) قوتابخانە ، کە (١٢٦) قوتابخانەی ناوەندی بوو ، هەروەها (٢٣٢) قوتابخانەی ئامادەیی بوو، کە (٦٨٣) | فۆرمی ڕاپرسی (دروست کردنی پێوەر(پیوانە) بۆ | پرسیارەکانی پۆلی سێ ناوەندی<br>١-نەبوونی هاوسەنگی پرسیارەکان لەنێوان بەشەکانی کتێبەکە. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | مامۆستای بابەتی زیندەورەزانی بوو لەڕەگەزی مێ و نێر، کە (٢٢١) لەڕەگەزی نێر بوو و (٤٦٢) لەڕەگەزی مێ بوو، نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو (١٠٠) مامۆستای نێر و مێ ،کە (٥٠)مامۆستای ناوەندی و (٥٠)مامۆستای ئامادەیی. | پرسیارەکانی تاقیکردنەوە) | ٢-نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان هەرسێ بواری معریفی ووێژدانی ولێهاتووی.<br>پرسیارەکانی پۆلی شەشی زانستی<br>١- نەبوونی هاوسەنگی پرسیارەکان لەنێوان بەشەکانی کتێیبەکە.<br>٢- نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان هەرسێ بواری معریفی ووێژدانی ولێهاتوویی .. |
| زینة حسن توفیق جاسم، ٢٠١٢ | پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی وەزاری گشتی بابەتی جوگرافیا لەپۆلی شەشەمی سەرەتایي لەسەرجەم لەپارێزگاکانی عیراق. | میتۆدی وەسفی ، پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی وەزاری گشتی بابەتی جوگرافیا لەپۆلی شەشەمی سەرەتایي لەسەرجەم لەپارێزگاکانی عیراق، بریتی یە لەپرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی جوگرافیا بۆ ساڵەکانی (٢٠٠٧-٢٠٠٨-٢٠٠٩-٢٠١٠-٢٠١١) کە (٥) پرسیاری سەرەکی بوو، کە هەرپرسیارێك (٦) لقی پرسیاربووکەسەرجەمیان (٤٢) لق بوون | قۆرمی شارەزایان(ئامرازی شیکردنەوە) | سەرجەم پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی جۆگرافیا ئاستە نزمەکانی پولێنی بلۆمی وەك (بیرهاتنەوە و تێگەیشتن و جێبەجێکردن) لەخۆگرتوو ، بەڕێژەی(٤٧,٤١) بیرهاتنەوە بوو بەپلەی یەکەم ، بەڕێژەی (٣٨,٠٩) تێگەیشتن بوو بەپلەی دووەم، وبەڕێژەی (١٤,٢٨) جێبەجێکردن بوو بەپلەی سێ یەم، و ئاستە بەرزەکانی پۆلینی بلۆمی وەك (شیکردنەوە و پێکهێنان و هەڵسەنگاندنی ) لەخۆنەگرتووە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٧-٢٠١١). |

**٢-٦-٣شیکاری و بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:**

**لەمیانەی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا ، بەراوردی ئەم توێژینەوەیە بەتوێژینەوەکانی پێشوودەکرێت بەمەستی دەرخستنی ئاستی پەیوەندی و لێکچوون و جیاوازی نێو انیان.**

**١- میتۆدی توێژینەوەکە: سەرجەم توێژینەوەکان میتۆدی وەسفی یان پەیرەو کردوە ، هەروەك ئەم توێژینەوەیە کەهەمان میتۆدی هەیە.**

**٢-لەڕووی ئامانجی توێژینەوەکە: لەڕووی ئامانجەوە توێژینەوەکان ئامانجیان جیاوازە، توێژینەوەکانی (کاوە،٢٠١٣ ) و (بدر، ٢٠٢٠) و (زینە، ٢٠١٢) هەمان ئامانجیان ئەوەیش هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەیە لەبەر رۆشنایی پۆلێنی بلۆم ، هەروەها توێژینەوەی (یوسف، ٢٠١٠) ئامانجی هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی بابەتی زیندەورەز انی بۆ پۆلی سێ یەم وشەشەمی ز انستی لەتێرو انینی مامۆستایانی پیاو وژنان بەپێی پیوەری (جۆری ، ز انستی ،وێژدانی ، جوڵەیی بابەتی و هونەری)، هەروەها توێژینەوەی (و اثق، ٢٠٢٠) ئامانجی هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی بابەتی عربی بۆ پۆلی شەشەمی ز انستی لەنێوان ساڵانەی ٢٠١٤-٢٠١٨ی خولی یەکەم و دووەم لەبەررۆشنایی خشتەی تایبەنمەندی، هەروەك ئەم توێژینەوەی ئێستا هەمان ئامانجی توێژینەوەکانی پێشووە.**

**٣-لەڕووی بەکارهێنانی ئامرازی توێژینەوەکە: سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو لەڕووی ئامرازەوە هەمان ئامرازی هەیە ، کەتەنها فۆرمی شارەز ایان (ئامرازی شیکردنەوە)یان بەکارهێناوە ، جگە لەتوێژینەوەی (یوسف، ٢٠١٠) کەفۆرمی ر اپرسیی بەکارهێناوە بۆ دروست کردنی پێوەریك بۆ پرسیارەکانی تاقیکردنەوە، هەروەها ئەم توێژینەوەیە هەمان ئامرازی توێژینەوەکانی پێشووی بەکارهێناوە وەك (فۆرمی شارەز ایان و فۆرمی ڕاپرسی) بۆ پرسیارەکانی تاقیکردنەوە.**

**٤-لەڕووی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: لەرووی کۆمەلگەوە سەرجەم توێژینەوەکان کۆمەڵگەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بوون ، جگە لەتوێژینەوەی (یوسف، ٢٠١٠) کە کۆمەڵگەکەی مامۆستایان بوون.**

**٥-لەڕووی نمونەی توێژینەوەکە:توێژینەوەکان جیاواز بوون لەرووی نموونەی توێژینەوەکان ، هەروەك توێژینەوەی (کاوە، ٢٠١٣) ( ١١٠ ) پرسیار بوو و توێژینەوەی (و اثق، ٢٠٢٠) (155 ) پرسیار و توێژینەوەی (بدر، ٢٠٢٠) (١٢٠) پرسیار بوو ، توێژینەوەی (زینە ،٢٠١٢) ( ٤٢ ) پرسیار بوو ، توێژینەوەی (یوسف، ٢٠١٠) ( ١٠٠)نمونەی توێژینەوەکەی مامۆستایان بوو.**

**٦- لەڕووی ئاماری توێژینەوەکە: لەڕووی ئاماری توێژینەوەکان توێژینەوەی ئیستا و توێژینەوەکانی پێشوو جیاوازەن، کە توێژینەوەی (کاوە، ٢٠١٣) (هاوکێشەی هۆلستی ، جێگیری شیکردنەوەی) بەکارهێناوە، توێژینەوەی( و اثق،٢٠٢٠) ( ڕێژەی سەدی و هاوکێشەی Scott ) بەکارهێناوە ، وتوێژینەوەی (بدر،٢٠٢٠) (هاوکێشەی هۆلستی) بەکارهێناوە ، و توێژینەوەی (یوسف،٢٠١٠) (هاوکۆلکەی پیرسون ، ناوەندە ژمێری) بەکارهێناوە ، و توێژینەوەی (زینە،٢٠١٢) (ڕێژەی سەدی ، دووبارە بوونەوە، هاوکۆلکەی (cooper)) بەکارهێناوە ، ئەم توێژینەوەی ئێستا ( ڕێژەی سەدی و ناوەندە شیاو و کێشی سەدی و هاوکێشەی پیرسوون و spss و one any over و هاوکۆڵگەی ئەلفاکرونباخ ) تێدا بەکارهاتووە.**

**بەشی سێ یەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە:**

**٣-١ میتۆدی توێژینەوەکەStudy Method :**

**بۆ هێنانەدی ئامانجی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە، چونکە لەم جۆرە میتۆدە دا، لێکۆڵینەوە دەربارەی دیاردە جیاوازەکان دەکرێت، هەروەها دەرخستنی لایەنە ئاماژە بۆ کراوەکان و دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی خودی دیاردەکە و دیاردە پەیوەندیدارەکانی دیکە(عبدالرحمن و عدنان، 2007: 143).**

**٣-٢کۆمەڵگەی توێژینەوەکەStudy Population**

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان لەدووبابەتی سەرەکی پێکدێت:-**

**یەکەم: کۆمەڵگەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە:- پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژووی پۆلی دو انزەی وێژەیی لەنێوان ساڵەکانی خوێندنی( ٢٠٢٠-٢٠٢١ ) خولی یەکەم .**

**خشتەی (٣-١)کۆمەلگەی توێژینەوەکە بۆ پرسیارەکانی تاقیکردنەوە:**

| ساڵی خوێندن | پرسیارەکانی تاقیکردنەوە خولی یەکەم | تێکرا |
|---|---|---|
| ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١) | (١)پرسیاری سەرەکی | (1)پرسیاری سەرەکی |

**دووەمیان: کۆمەڵگەی مامۆستایان :- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەسەرجەم مامۆستایانی پۆلی دو انزەی وێژەیی لە سەرجەم ئامادەییەکانی پارێزگای سلێمانی ، کە پێک دێت لە (١٨٠) خوێندنگە ، کە ژمارەی مامۆستایان بریتی بوون لە (١٩٠) مامۆستای بابەتی مێژوو (٩٩) نێر و (٩١) مێ یە ، بە لەبەرچاوگرتنی شارەز ایانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دیاری کراوە.**

**خشتەی (٣-٢)کۆمەلگەی توێژینەوەکە بۆ مامۆستایانی بابەتی مێژوو:**

| ڕەگەز | نێر | مێ | تێکرا |
|---|---|---|---|
| ژمارەی مامۆستایان | ٩٩ | ٩١ | ١٩٠ |

**٣-٣نموونەی توێژینەوەکە: Study Sample**

یەکەم: نموونەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە:- نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەپرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو بۆ ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١)، کەیەك پرسیاری سەرەکی لەشێوەی هەڵبژاردن لەخۆدەگرێت ، کە کۆی ژمارەی پرسیارەکانی( ٥٠) پرسیار بووە . وەك لەخشتەی (٣) روونکراوەتەوە.

خشتەی (٣-٣)نموونەی توێژینەوە بۆپرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو بۆ خولی یەکەم:

| ساڵی خوێندن | پرسیارەکانی تاقیکردنەوە خولی یەکەم | تێکرا |
|---|---|---|
| ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١) | (٥٠)پرسیار | (50)پرسیار |

دووەمیان: نمونەی مامۆستایانی بابەتەکە :- نمونەی توێژینەوەکەمان بریتیەیە لە (131) مامۆستا لە پارێزگای سلێمانی ، (66) مامۆستای لەڕەگەزی نێر،(65)یان مامۆستا لە ڕەگەزی مێ، وەک لەخشتەی ژمارە (٣-٣-٢) خراوەتەروو.

خشتەی(٣-٣-٢)

دابەشکردنی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| ڕەگەز | نێر | مێ | تێکرا |
|---|---|---|---|
| ژمارەی مامۆستا | 66 | 65 | ١٣١ |

خشتەی(٣-٣-٣)

دابەشکردنی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە

| بڕوانامە | دبلۆم | بەکالۆریۆس | تێکرا |
|---|---|---|---|
| ژمارەی مامۆستا | ٤٢ | ٨٩ | ١٣١ |

بەپێی گوڕاوی بڕوانامە: تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ،(٨٩) مامۆستای هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس ،و (٤٢) یان هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بوون وەک لەخشتەی ژمارە (٣-٣-٣) خراوەتەروو.

خشتەی(٣-٣-٤)

دابەشکردنی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گوڕاوی ساڵانی خزمەت

| ساڵانی خزمەن | ٠-٥ | ٥-١٠ | ١٠-١٥ | ١٥-٢٠ | ٢٠-تاکۆتایی | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی مامۆستا | ٣٠ | ٢٨ | ٤٤ | ١٥ | ١٤ | ١٣١ |

بەپێی گوڕاوی ساڵانی خزمەت: تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە دابەش کرابوون بەسەر پێنج گروپەوە، گروپی یەکەم ئەوانەن کە ساڵانی خزمەتیان دەکەوێتە نێوان(٠-٥) ساڵە، گروپی دووەم ساڵانی خزمەتیان دەکەوێتە نێوان (٥-١٠) ساڵ ، گروپێ سێیەم ساڵانی خزمەتیان دەکەوێتە نێوان (١٠-١٥) ساڵ، گروپێ چوارەم ساڵانی خزمەتیان دەکەوێتە نێوان (١٥-٢٠) ساڵ، گروپێ پێنجەم ساڵانی خزمەتیان دەکەوێتە نێوان (٢٠-تاکۆتایی) ساڵ، وەک لەخشتەی ژمارە (٣-٣-٤) خراوەتەروو.

٣-٤ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە Study instrument :

بۆگەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە و اپێویست بوو توێژەر بۆپێو انەکردنی (پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو) پێو انەی گونجاو دروست بکات هەروەك لە خوارەوە روونکراوەتەوە:

٣-٤-١:دیاریکردنی ئاستی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو بەپێی پۆلێنی بلۆم:

بەمەبەستی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پرسیارەکان و گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی (ئامرازی شیکردنەوە) لە ڕێگای ئەم هەنگاو انەی خوارەوە:

١ -گەڕانەوەی توێژەر بۆ توێژینەوەکانی پێشتر کە ئامانجیان دەستنیشانکردنی ئاستەکانی پۆلێنی بلۆم بوو بۆ ئامانجە معریفیەکان لە پرسیارەکاندا بۆ ئەوەی سەبارەت میتۆدی ئەنجامدانی توێژینەوەکەو شێوازی ئەنجامدانی شیکردنەوی پرسیارەکان زانیاری کۆبکاتەوە ، بە شێوەیەکی گشتی توێژینەوەکان دوو جۆر بوون جۆرێک پرسیارەکانی ناو پەرتووکی خوێندنی شیکردبووەوە، و جۆرێکی دیکەش پرسیارەکانی کۆتایی ساڵیان شیکردبووەوە.

٢ -ئامادەکردنی (ئامرازی شیکردنەوە) بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر فۆرمیکی ڕاپرسی شارەزایان دروستکرد بەمەبەستی ئەوەی تا چەند دیاریکردنی ئاستەکان بەپێی پۆلێنی بلۆم دروستن کەلە (٥٠) برگە کەلە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو بۆ پۆلی(١٢) ی وێژەیی پێکهاتبوو ، بۆ ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١ ) خولی یەکەم ، پاشان توێژەر هەستا بەدیاریکردنی بڕگەکان بەپێی پۆلێنی بلۆم بۆ هەرشەش ئاستەکە(بیرهاتنەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن،شیکردنەوە، پێکهێنان ، هەڵسەنگاندن)، کەسەرجەم پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو لەئاستی بیرهاتنەوەدا بوون و ئاستەکانی تری وەك (تێگەیشتن وجێبەجێکردن و شیکردنەوە وپێکهێنان و هەڵسەنگاندن)ی تێدا نەبوو ،هەروەک لە پاشکۆی ژمارە (١) ڕوونکراوەتەوە.

٣- دەستنیشانکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەت بۆ ( ئامرازی شیکردنەوە) ، توێژەر فۆرمەکەی پاش دیاری کردنی ئاستەکانی پۆلێنی بلۆمی خستە بەردەستی  ژمارەیەك لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری (ڕێگاکانی و انەوە ووتنەوە و دەروونز انی پەروەردە  و پێو انە و هەڵسەنگاندن و شێوازی و انەوتنەوە)، داو ایان لێکراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی و نەگونجاوی بژاردەکان دەرببڕن وهەرگۆڕانکاریەك پێیان باشە پێشنیازی بکەن ،دوای کۆکردنەوەی فۆڕمەکان، دەرکەوت کەسەرجەم پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو بەڕێژەی (١٠٠%)  لەئاستی بیرهاتنەوە بوون ، و ئاستەکانی تری وەك (تێگەیشتن وجێبەجێکردن و شیکردنەوە وپێکهێنان و هەڵسەنگاندن)ی تێدا نەبوو ، و اتە هیچ گوڕانکاریەك لەدیاریکردنی ئاستەکان بەپێی پۆلێنی بلۆم نەکرا، هەروەک لە پاشکۆی ژمارە (٢) ڕوونکراوەتەوە ، کە توێژەر پێشترئاستەکانی بەپێی پۆلێنی بلۆم دیاری کردبوو کەسەرجەم پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو  کە (٥٠) پرسیاربوو ، بەڕێژەی (١٠٠%) لەئاستی بیرهاتنەوەدا بوون .

٣-٤-٢: دروست کردنی پێوەرێك(پێو انەیەك) بۆ پرسیارەکانی تاقیکردنەوە:

لەبەرئەوەی یەکێك ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژووە بۆپۆلی ١٢ وێژەییە لەڕو انگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە لەپارێزگای سلێمانی، ئەمەش پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیارییەکی فراوان هەیە, سەرەڕای بڵاوی سامپڵی توێژینەوەکە، پاش وەرگرتنی ڕای شارەزایان، توێژەرپێی و ایە فۆڕمی ڕاوەرگرتن ئامرازێکی گونجاوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکانی لێکۆڵینەوەکەی."فۆڕمی ڕاوەرگرتن لەو ئامرازانەیە کە لە توێژینەوەی وەسفکاری دا زۆر بەکاردەهێنرێت, وەك لە توێژینەوە پەروەردەیی و دەرونییەکاندا" (کشرود،2007، 199 ).

٣-٤-٢-١:فۆڕمی ڕاپرسی کراوە Open Questionnaire :

لەبەر ئەوەی توێژەر ئامرازێکی ئامادەکراوی دەستنەکەوت کە وەك پێویست بێت بۆ مەبەستەکانی توێژینەوەکەی، هەستا بەدروست کردنی فۆرمێکی ڕاوەرگری سەرەتایی بۆ بەدەست هێنانی زانیاری سەرەتایی بۆ دروستکردنی فۆڕمی ڕاپرسی کۆتایی، "چونکە هەلێکی باشتر دەڕەخسێنێت بۆ زانینی باشترین ڕێگە و شێواز لە دو اندنی بەشداربوو انی توێژینەوەکەو ناسینی تایبەتمەندی و سروشتیان"(کشرود، 2007: 201). بۆ ئەم مەبەستە فۆڕمێکی سەرەتایی پێشکەش بە نموونەیەك مامۆستایان کرد کە (٣) پرسیاری لە خۆگرتبوو بڕو انە پاشکۆی(٣)، کە پەیوەست بوو بەلایەنە جیاوازەکانی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژووی قۆناغی ١٢ئامادەیی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١)خولی یەکەم ، هەروەها داواشیان لێکر ابوو کە سەرەنج و تێبینیەکانیان بۆ بەرەوپێشبردنی پرسیارەکان بخەنەڕوو. توێژەر هەستا بە دابەشکردنی فۆڕمی سەرەتایی بەسەر(٢٥) مامۆستا لە (٢٠/ ١١/ ٢٠٢١) تاکو چۆنیەتی وەڵام دانەوەی پرسیارەکان بۆ مامۆستایان ڕوون بکاتەوە، ووەڵامی بەدواداچوونەکانیشیان بداتەوە، لەپاش ئەوەی کاتی تەواویان پێدرا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان کە نزیکەی (2-3) هەفتە بوو لە(٢٠٢١/١٢/١٣ ) فۆڕمەکان کۆکر انەوە و زانیارییەکانی خاڵی کر انەوە .

ئەنجامی ئەم کارانەش بوو بەهۆی ئامادەکردن و داڕشتنی فۆڕمی ڕاپرسی کۆتایی کە لە(٥٤) بڕگەی لە خۆگرتبوو ، بەمەبەستی دڵنیابوون لەڕادەی زانستی بوونی ئامرازەکە و گونجاوی بۆ کۆکردنەوەی داتاکان و زانیارییەکان، ڕاستی و جێگیری بۆ دەرهێنرا بەم شێوەیەی خوارەوە :

٣-٤-٢-٢: ڕاستی و دروستی (الصدق):

ڕاستی ئامرازو اتە تو انای پێو انەکردنی ئەوەی هەبێت کە لەپێناویدا دانراوە یاخود ئەو دیاردەیەی دەمانەوێت پێو انەی بکەین (الروسان، 1999: 31 ). ڕاستی دادەنرێت بەمەرجێکی پێویست کەدەبێت بەرجەستەکر ابێت لەو ئامرازەدا کە توێژینەوەکە پشتی پێدەبەستێت، ڕاستی لەسەر دوو هۆکاری گرنگ ڕاوەستاوە ئەو انیش مەبەست لەو کارەی ئامرازەکە پێی هەڵدەستێت، هەروەها ئەو گروپ و کۆمەڵەی کە ئامرازەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت ( ابولبدە، 1979: 235).

٣-٤-٢-2-١:ڕاستگۆی رواڵەت بۆ ئامادەکردنی ئامرازەکە.(Face-Validity):

مەبەست لە ڕاستی ڕواڵەتی ئامڕازی توێژینەوە ، ئایا ئامڕازەکە لە ڕووکەش و ڕواڵەتدا ، تاچەند دیاردەکە دەپێوێت ، بۆ ئەو مەبەستەش بڕگە و پرسیارەکان پشانی چەند کەسێکی پسپۆڕ و شارەزای بوارەکە دەدرێت ، بۆ ئەوەی ڕای خۆیان لەسەر یەکە بە یەکەی دەرببڕن ( بۆکانی ، 2016 :174 )، بۆدیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان،بۆ ئەو مەبەستە پێو انەکە خر ایە بەردەست(٢٥)شارەزاو پسپۆڕی(ڕێگاکانی و انەوتنەوە ودەرونز انی  و مێژوو)هەروەك لەپاشکۆی (٤)ڕوونکراوەتەوە،داو ایان لێکراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەرببڕن وهەرگۆڕانکاریەك پێیان باشە پێشنیازی بکەن ،دوای کۆکردنەوەی فۆڕمەکان،بەپێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو بڕگانە مانەوە کەڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرمانەوەیان (%٩٠)بوو، لەم ڕووەوە  ئاماژە بەوەکراوە "کاتێك ڕێژەی کۆدەنگی پسپۆڕان ( 75% ) یا زیاتربێت ئەوا پەسەند دەکرێت لەلایەنی ڕاستی ڕوواڵەتی یەوە(الصدق الظاهری)"  ( الزوبعی، 1981: 44 ).،بەم شێوەیە

لە کۆی(٥٤)بڕگە (١٠) بڕگە لابران کە بریتی بوون لە بڕگەکانی (١٢، ٢٩، ٣١،٣٢، ٣٤،٣٥،٣٧،٣٨،٤٣،٤٧)، هەروەها بەپێی پێشنیاری پسپۆڕان گۆڕانکاری لە بڕگەی (١١،٢٧، ٤٩،٥١،٥٢) کرا ، هەروەها (٣٩)بڕگە وەك خۆیان مانەوە ، بەم جۆرەش ژمارەی بڕگەکان بوون بە (٤٤)بڕگە.

٣-٤-٢-٤:جێگیری Reliability :-

مەبەست لە جێگیری فۆڕم ڕادەی جێگیری نمرەکانی فۆرمی هەرتاکێکە لە ناو گروپێکی دیاریکراودا لە دووباره تاقیکردنەوەییدا لە دوو ماوەی جیاوازدا بەهەمان فۆرمی ڕاپرسی ( عباس ، 1996: 22)، توێژەر بۆ دیاریکردنی جێگیری پێو انەکەی چەند ڕێگەیەکی بەکارهێنا وەك:-

ڕێگەی یەکەم :تاقیکردنەوە و دووباره تاقیکردنەوە Test – Retest method :-

بۆ دەرهێنانی جێگیری شێوازی دووباره جێبەجێکردنەوەی ئامرازەکە( Test-Re-test ) بەکارهێنراوە، بەم شێوەیە ئامرازەکە جێبەجێکرا لەبەرواری (٢٠٢٢/١/٥)،بەسەر نموونەیەکدا کەپێکهاتبوو لە ( ٢٠) مامۆستا لەسنووری کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بوون، جیاوازی کات لە نێوان جێبەجێکردنی یەکەمی ئامرازەکەو دووباره جێبەجێکردنەوەی بۆ جاری دووەم دووهەفتە بوو لەبەرواری (٢٠٢٢/١/٢٠)، لەبەرئەوەی پێویستە ئەم ماوەیە لە( دوو) یان( سێ هەفتە) زیاتر نەبێت، بۆئەوەی کەسە بەشداربووەکانی هەندێك لەوەڵامەکانیان لەبیرنەچێت، هەروەها هەمان وەڵام بدەنەوە لەجێبەجێکردنی دووەمدا. (الزوبعي، 1981: 24 ).

بۆ ژماردنی هاوکۆلکەی جێگیر(معامل الپبات)ی ئامرازەکە، توێژەر ( هاوکێشەی پێرسۆن) (Pearson Correlation Coefficient ) ی بەکارهێناوە لەبەر ئەوەی دادەنرێت بەبڵاوترین ئامرازلەم بوارەدا. بۆدۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان تێکڕای نمرەکانی جێبەجێکردنی یەکەم و نمرەکانی جێبەجێکردنی دووەم جاردا، هاوکۆلکەی جێگیری بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١)بەم شێوەیە (٠،٩٧) بوون ، هەروەك لەخشتەی (٣-٧) ڕوونکراوەتەوە ، ئەم ڕێژە بە باش و گونجاو دادەنرێت ئەگەربەراورد بکرێت بە پێوەرە گشتییەکانی هەڵسەنگاندنی هاوکۆلکەی پەیوەندی، کە ئاماژەی کردووە بەوەی "ئەگەرهاوکۆلکەی پەیوەندی دوجا کرا ( ر2 ) و بەهاکەی لەنێوان (0.50-0.75) بە بەهێزو زیاتر(0.75 ) بە زۆربەهێز دادەنرێت" ( البیاتي و زکریا، 1977: 194), و اتا ئامرازەکە بەزانستییانە دادەنرێت و دەتو انرێت بەکاربهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی توێژینەوەکە.

خشتەی(٣-٧)

هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێو انەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو

| جێگیری ئامرازەکە بە پێی هاوکۆلکەی پێرسۆن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ساڵ | | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | هاوکۆڵکەی پێرسۆن | بەهای بەڵگەداری |
| 2020 | یەکەم جار | 92.9 | 12.94076 | .975**٠ | 0.0001 |
| | دووەم جار | 92.15 | 12.23573 | | |

ڕیگەی دووەم : هاوکۆلکەی ئەلفاکرۆنباخCronbach Alpha :

توێژەر بۆ پێو انەی جێگیري بڕگەکان بەڕێگەی ئەلفاکرۆنباغ دۆزیەوە ، کەیەکێك لەڕێگەکانی دۆزینەوەی دەستنیشانکردنی گونجاندنی ناوەکی ، پاش جێبەجێکردنی پێو انەکە بەسەر(20) مامۆستای نموونەی سەرەتایی دەرکەوت، ڕێژەی جێگرەی پێو انەکە بریتی بوو (٠،٩٤) ، ئەمەش جێگیریەکی پەسەندە.

جێبەجێکردن ئامرازی توێژینەوەکە :

دوای دڵنیابوونی توێژەرلە راستی و جێگیری ئامرازەکە هەستا بە دابەشکردنی ڕاپرسەکە بەشێوەی کۆتایی لەبەرواری (٢٠٢٢/٢/٥)،بەشێوەی دەستی وئەلکترونی کەپێکهاتبوولە(٤٤)بڕگە بۆ هەربڕگەیەك سێ ئاست دانرا (زۆر، مام ناوەند، کەم)، لەگەڵ کۆپیەك لەپرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانی بابەتی مێژووی پۆلی(١٢) وێژەیی وەك پاشکۆی (٦) خراوەتەڕوو، دوای پێدانی ڕوونکردنەوە لەلایەن توێژەرداوای لەمامۆستایان کرد بە وردی و ڕوونی وەڵامی گشت بڕگەکان بدەنەوە ، دو اتر سەرجەم فۆرمی ڕاپرسەکەیان کۆکردەوەوزانیاریەکانی بە تاڵکردەوە ، جێبەجێکردنەکە لەبەرواری(٢٠٢٢/٣/٤)کۆتای پێهات.

بەشی چوارەم: خستنەڕووو شیکردنەوەی زانیارییەکان و پێشنیارەکان:

٤-١ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم بەشە، خستنەڕووو شیکردنەوەی ئەو ئەنجامانەیە کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە و لەبەررۆشنایی ئامانجە دیاریکراوەکان ڕ اڤەکراوە، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر لە کاتی شیکردنەوەکەدا ئەم هەنگاو انەی پێڕەوکردووە، بەم شێوەیە:

٤-١: ئامانجی یەکەم :هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو بۆساڵەکانی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) بەپێی خشتەی تایبەتمەندی و پۆلێنی بلۆم :-

خشتەی ژمارە (٤-١)، خشتەی تایبەتمەندی وئاستەکانی پۆلێنی بلۆم پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی (٢٠٢٠-٢٠٢١)خولی یەکەم

| خشتەی تایبەتمەندی | | | | بواری هەڵسەنگاندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئاستە نزمەکانی بلۆم | | | ئاستە بەرزەکانی بلۆم | | |
| بەش | ژمارە | ڕێژە | پرسیار | بیرهاتنەوە | تێگەیشتن | جێبەجێکردن | شیکردنەوە | پێکهینان | هەڵسەنگاندن |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ٢٠ | %١١ | %12 | ١٠٠ | / | / | / | / | / |
| دووەم | ٢٢ | %١٢ | %٤ | ١٠٠ | / | / | / | / | / |
| سێیەم | ١٢ | %٦ | %٦ | ١٠٠ | / | / | / | / | / |
| چوارەم | ٣٨ | %٢٠ | %٢٠ | ١٠٠ | / | / | / | / | / |
| پێنجەم | ١٢ | %٦ | %٨ | ١٠٠ | / | / | / | / | / |
| شەشەم | ١٦ | %٩ | %١٢ | ١٠٠ | / | / | / | / | / |
| حەوتەم | ١٨ | %١٠ | %١٦ | ١٠٠ | / | / | / | / | / |
| هەشتەم | ٥٠ | %٢٦ | %٢٢ | ١٠٠ | / | / | / | / | / |
| کۆ | ١٩٢ | ١٠٠ | ١٠٠ | | | | | | |

توێژەر هەستا بەشیکردنەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی نیشتمانی بابەتی مێژوو بۆ پۆلی دوانزەی وێژەیی بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠٢٠-٢٠٢١) بەپێی خشتەی تایبەتمەندی وپۆلێنی بلۆم بۆئامانجە معریفەکان ،کە نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (50)پرسیارە بۆساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١)، پاش خستنەڕووی سەرجەم پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بابەتی مێژوو، بۆ بەرەدەم پسپۆڕو شارەزاییان دەرکەوت کەسەرجەم پرسیارەکان لە ئاستی بیرهاتنەوەدان بەرێژەی (١٠٠%) ، وئاستەکانی تی وەك(تێگەیشتن و جێبەجێکردن و شیکردنەوە و پێکهێنان و هەڵسەنگاندن)ی لەخۆی نەگرتووە و فەراموش کراوەن ، واتە ئاستەکانی تر بەرێژەی (٠%) بووە ، .ئەمەش جێگەی ڕەخنە وتێڕامانێکی زۆرە، چونکە پێویستە پرسیاری قۆناغی گرنگی ١٢ی وێژەیی رەچاوی گشتگیری و هەمجۆری ئاستەکانی کردبێت، هەروەها سەبارەت بەخشتەی تایبەتمەندی ئەم جۆرە پرسیارانە رەچاوی خشتەی تایبەتمەندی نەکردوە، کەڕێژی پرسیارەکان بریتی بوو(٢٢،١٦،١٢،٨،٢٠،٦،٤،١٢)،هەروەك لەخشتەی (٤-١) ڕوونکراوەتەوە، چونکە ناهاوسەنگی هەیە لەرێژەی هێنانەوەی پرسیارلەنێوان بەشەکاندا ، ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی لەسەرخوێندکاران هەیە ، چونکە بڕێکی بەرچاو لە پرسیارەکان لە یەک بەش یان دوو بەش یان سێ بەش سەرچاوەیان گرتووە ، بەگریمانی ئەوەی ئەگەرخوێندکار باش لەو بەشانە کۆششی نەکردبێ ئەوا دەرفەتی وەڵامدانەوەی لەبەردەم بەرتەسک دەبێتەوە و بڕێکی زۆری نمرەشی لەدەست دەردەچێت کاریگەری لە ئاستی بەدەستهاتووی تەواوی بابەتەکەش دەبێت.

٢-٤ : ئامانجی دووەمی توێژینەوەکە : (هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو بۆ پولی (١٢) وێژەیی لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە ، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێرو مێ):-

بۆزانینی ئەم جیاوازیە توێژەرناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆنمرەکانی ڕەگەزی نێرو مێ لای مامۆستایانی بابەتی مێژوولەسەرپێوەری پرسیارەکانی تاقیکردنەوە دەرهێنا،وپاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (t-Test) بۆدوونموونەی سەربەخۆبەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (spss) ، دەرکەوت نرخی بەهای بەڵگەداری (0.476) و بەنمرەی ئازاد (١٢٩) ، لەسەرئاستی بەڵگەداری (0.05) وەکو لەخشتەی ژمارە(٤-٢) خراوەتە ڕوو.

خشتەی(٤-٢)، ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t.Test) (دوونمونە) بۆنمرەکانی مامۆستایانی بابەتەکە(نمونەی توێژینەوەکە) لەسەرپێوەری پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێرو مێ).

| ساڵ | t- test | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕەگەز | دوبارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری(٠,٠٥) |
| 2020 | نێر | 66 | 89.10606 | 10.96586 | ١٢٩ | 0.476 | بەڵگەدارنیە |
| | مێ | 65 | 92.29231 | 12.24582 | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (٤-٢) دا دەردەکەوێت ، بەهای بەڵگەداری (0.476) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(١٢٩) و لە ئاستی بەڵگەداری (٠٥ ، ٠) دایە، لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (0.476) ئەژمارکراو گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری، بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری نیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی نێرو مێ لای مامۆستایانی بابەتی مێژوو لەسەرپێوەری پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز، توێژەرپێی وایە بەشێک لە هۆکارەکەی ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی و هاواتای بیرکردنەوە و تیروانینی هەردوو ڕەگەز نێرومێ لای مامۆستایانی بابەتی مێژوو. کەواتە ڕەگەزی تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نیە لەسەرپێوەری پرسیارەکانی تاقیکردنەوە.

٤-٣:ئامانجی سێەمی توێژینەوەکە: (هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو بۆ پۆلی (١٢) وێژەیی لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی (دبلۆم – بەکالۆریۆس).

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەرناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی برِوانامەی (دبلۆم – بەکالۆریۆس) لای مامۆستایانی بابەتەکە لەسەرپێوەری پرسیارەکانی تاقیکردنەوە دەرهێنا، و پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS) ، دەرکەوت نرخی بەهای بەڵگەداری (0.26) بەنمرەی ئازاد (١٢٩)، لەسەرئاستی بەڵگەداری (0.05) وەکو لەخشتەی ژمارە(٤-٣) خراوەتەڕوو.

خشتەی(٤-٣)، ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نمونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی بابەتەکە(نمونەی توێژینەوەکە) لەسەرپێوەری پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بەپێی گۆڕاوی برِوانامەی (دبلۆم – بەکالۆریۆس).

| T- test | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | برِوانامە | دوبارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای بەڵگەداریsig | ئاستی بەڵگەداری(٠,٠٥) |
| ساڵی 2020 | دبلۆم | 42 | 88.45238 | 13.10595 | ١٢٩ | 0.26 | بەڵگەدارنیە |
| | بەکالۆریۆس | 89 | 91.74157 | 10.86856 | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (٤-٣) دا دەردەکەوێت ، بەهای بەڵگەداری (0.26) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(١٢٩) و لە ئاستی بەڵگەداری (٠٥ ، ٠) دایە . لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (0.26) ئەژمارکراو گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری،بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری نیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای مامۆستایانی بابەتی مێژوو لەسەرپێوەری پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بە پێی گۆڕاوی برِوانامەی (دبلۆم – بەکالۆریۆس) ، بە ڕای توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجاماس دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستایان خاوەنی برِوانامەی دبلۆم بن یاخود بەکالۆریۆس جیاوازی نییە لە نێوانیان لە تێبینیکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو ،ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەزمون و شارەزایی مامۆستایان لەپیشەکەیان، کەواتە برِوانامەی تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نیە لەسەرپێوەری پرسیارەکانی تاقیکردنەوە.

٤-٤: ئامانجی پێنجەمی توێژینەوەکە: (هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو بۆ پۆلی (١٢) وێژەیی لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە ، بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت:-

بۆ زانینی جیاوازی نمرەکانی مامۆستایانی بابەتی مێژوو بەپێی گۆڕاوەی ساڵانی خزمەت لەسەرپێوەری پرسیارەکانی تاقیکردنەوە. توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە (تحلیل التباین الاحادی) (one way Anova)بەکارهێنا. بەپست بەستن بە بەرنامەی ئاماری (spss) کەئەنجامەکەی لەخشتەی ژمارە (٤-٤) خراوەتەڕوو

خشتەی(٤-٤)، ئەنجامی شیکاری یەك ئاراستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی بابەتەکە لەسەرپێوەری پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.

| ANOVA | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | F | بەهای بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری(٠,٠٥) |
| ساڵی 2020 | لە نێوان گروپەکان | 229.22 | 4.00 | 57.31 | 0.41 | 0.800 | بەڵگەدارنیە |
| | لە ناوگروپەکان | 17516.94 | 126.00 | 139.02 | | | |
| | گشتی | 17746.17 | 130.00 | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (٤-٤) دا دەردەکەوێت ، بەهای (f)(0.41 ) و بەهای بەڵگەداری (0.800) ، و بەنمرەی ئازاد (١٢٦) و لە ئاستی بەڵگەداری (٠٥ ، ٠) دایە . لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (0.800) ئەژمارکراو گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری، بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری نیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ساڵانی خزمەت لای مامۆستایانی بابەتی مێژوو لەسەرپێوەری پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت. کەواتە ساڵانی خزمەتی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نەبووە لەسەرپرسیارەکانی تاقیکردنەوە، بەڕای توێژەر هۆکاری نەبوونی جیاوازی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە ساڵانی خزمەتی پیشەییان هەرچەند بێت جیاوازی دروست نەکردووە لە تێڕوانینەکانیان دەربارەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە ، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ بەدواداچوون و گەڕان بەدوای پرسیارەکان و شیکردنەوەیان و بەراوردکردنیان بەپرسیارەکانی خۆیان کەڕۆژانە و مانگانە و وەرزی دایدەنێن و ئەمەش دەبێتە هۆی پەیداکردنی شارەزایی و ئەزموون لەبوارەکەدا، لەبەرئەم هۆکارانە جیاوازی ساڵانی خزمەت نەبۆتە هۆی دروستکردنی جیاوازی لەسەرپرسیارەکانی تاقیکردنەوە.

دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

١- ئەو کەسەی ڕادەسپێردرێت بە دانانی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە گشتیەکانی بابەتی مێژوو زانیاری لەسەر بابەتی پێوانە و هەڵسەنگاندن کەمە، پسپۆری وردی بوارەکە نین.

٢- دەرکەوت سەرجەم پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) کە (٥٠)پرسیاربوو، لەئاستی بیرهاتنەوەدا بوو، و ئاستەکانی تری وەك (تێگەیشتن و شیکردنەوە و جێەجێکردن و پێکهێنان و هەلسەنگاندن) لەخۆنەگرتبووە.

٣- دەرکەوت بەشێوەیەکی گشتی ناهەوسەنگێکی زۆرهەیە لەڕێژەی هێنانەوەی پرسیارەکان لەنێوان بەشەکاندا بەپێی خشتەی تایبەتمەندی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١).

٤- هیچ جیاوازییەکی ئاماری نیە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکە بەپێی گۆراوی ڕەگەز.

٥- هیچ جیاوازییەکی ئاماری نیە بۆ ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١)لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکە بەپێی گۆراوی بڕوانامەی (دبلۆم-بەکالۆریۆس)

٦- هیچ جیاوازییەکی ئاماری نیە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکە بەپێی گۆراوی ساڵانی خزمەت.

**پێشنیار بۆ توێژینەوەی دیکە:-**

1- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لەپۆلی (٩)ی بنەڕەتی سەبارەت بەڕەچاوکردنی ئامانجە پەروەردییەکان (پۆلێنی بلۆم) و لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکە لەپرسیارەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ لەوانەی( بابەتە کۆمەڵایەتیەکان).

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە بەڵام لەسەرئاستی سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و دەرخستنی وێنەیەکی رونتری ئاستی بەهێزی و لاوازی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو.

٣- ئەنجامدانەوەی توێژینەوەی هاوشێوە سەبارەت بەبابەتەکانی دیکە وەك(جوگر افیا).

٤- پێداچونەوە بکرێت بۆ پرسیاری بابەتی کە ئیستا بووە بەشێوازێکی نوێی پرسیاردانان، بەتێکەڵکردنی پرسیاری وتاری لەگەڵیدا بەرێژەی (٥٠%) بۆ بابەتی و (٥٠%) بۆپرسیاری وتاری.

٥- هەڵسەنگاندن بۆئەم توێژینەوەیە بکرێت لەڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆرانی بابەتی مێژوو.

**لیستی سەرچاوەکان: سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:-**


١-ئەحمەد ،سامان حوسێن،(٢٠٢٠ ): میتۆد و لێکۆڵینەوەی هەنگاوەکانی نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی،چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران ،سلێمانی .

٢-ئەلزەغول ،عیماد عەبدولڕەحیم(٢٠١٥): بنەما سەرەکیەکانی سایکۆلۆژیای پەوەردەیی ،وەگێرانی :ئارام ئەمین شوانی، چاپی یەکەم،چاپخانەی رۆژهەڵات،سلێمانی

٢-حەسەن ، عبدالله (٢٠١٣): بنەماکانی وانەوتنەوەی سەرکەوتوو ، وەگێرانی: هێمن منسور، چاپی یەکەم ،چاپخانەی گەنج ، سلێمانی .

٣-رسول ابراهیم رسول(٢٠١٤): دەروازەیەك بۆ وانەوتنەوە ، چاپی یەکەم ، چاپ و پەخشی نارین ، هەولێر.

٤-ڕەحمان ، رزگارقادر(٢٠١٣) چۆن نمرەی باڵا بە دەست بهێنم ، چاپی یەکەم، چەمچەماڵ .

٥-سیوەیلی ، ئیدریس (٢٠١٤): مامۆستای کارامە و وانە ووتنەوەی سەرکەوتوو ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی .

٦-سەعید،پێشرەو خەڵەف(٢٠١٧ ):دەرونزانی گشتی ،چاپی یەکەم،چاپخانەی یاد،سلێمانی.

٧-عبدالکریم ،راشد بن حسین (٢٠١٥): سی و سێ رێگە بۆ وتنەوەی وانەکەت بەسەرکەوتوویی ،وەرگێرانی : سەرباس ئەمین ،چاپی یەکەم ، ، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٨-عەبدولکریم،سەلام(٢٠٠٩): دەرباری فەلسەفەی مێژوو_زانستی مێژوو،چاپی یەکەم،چاپخانەی گەنج،سلێمانی.

٩-عەزیز،کەریم ئەحمد(٢٠١٤):بنەما گشتیەکانی وانەووتنەوە،چاپی یەکەم ،چاپخانەی نارین،هەولێر.

١٠-قادر، ڕەمەزان حمەدەمین( ٢٠١٦): پێوانەو هەڵسەنگاندنی پەروەردەی وزیرەکی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی.


**سەرچاوەکان بەزمانی عربی:**


١-ابراهيم، مجدي عزيز(2006): موسوعة التدريس،ج الخامس، دارالميسرة للنشرو التوزيع و الطباعة، عمان.

٢-ابن خلدون (2006): مقدمة ابن خلدون، تحقيق علي عبدالواحد وافي، دار الكتب العلمية، ط9، بيروت.

٣-ابو حويج ، مروان( 2000): المناهج التربوية المعاصرة ، دار العلمية الدولية ودار الثقافة للنشرو التوزيع ،ط 1، الاردن .

٤-أبوسل ، محمد عبدالكريم (2002). قياس وتقويم تعلم الطلبة ، دار الفرقان للنشر ، عمان .

٥-ابولبدة، سعد (1979): مبادىء القياس النفسى و التقويم التربوى للطالب الجامعي، كلية التربية، مطبعة جمعية عمال المطابع التعاونية، ط1، عمان.

٦-البياتي، عبدالجبار توفيق و زكريا زكي اثناسيوس (1977): الاحصاء الوصفي و الاستدلالي، جامعة المستنصرية، ط1، بغداد.

٧-الجادري، عدنان حسين (2007): الاحصاء الوصفي في العلوم التربوية، دار المسيرة للنشر، عمان.

٨-الجاغوب ، محمد عبدالرحمن (2002) . المنهج القويم في مهنة التعليم ، دارو ائل ، عمان .

٩-الرشدان عبداللة ، و نعيم جعنني (2002): المدخل الى التربية والتعليم ، طبعة العربية الثانية ، عمان ، الاردن.

10-بدروسهام واخرون(٢٠١٠): طرائق تدريس وأساليب تقيم مواد الاجتماعيات(تاريخ _جغر افيا_تربية وطنية وتنشئة مدنية، لوبنان.

11-براون، جورج(2005): التدريس المصغّروَالتربية العمليّة الميدانيّة، ترجمة محمد رضا البغدادي، وَهيام محمد رضا البغدادي، ط 2، دار الفكر العربي للطباعة وَالنشر

12-بطاينة، رزاق فايز (2006): المناهج التربوية، المفهوم، العناصر، الاسس، انواعها، التطوير. جدارا للكتاب العالمي، ط1، عمان.

13-بلوم :بنيامين واخرون( 1983): تقييم الطالب التجميعي والتكويني، ترجمة محمد امين المفتي، مصر، القاهرة.

14-بلوم، بنجامين وآخرون(1985): نظام تصنيف الأهداف التربوية( المجال المعرفي) ، ج1 ، ترجمة : محمد الخوالدة وصادق عودة، جدة :دار الشروق.
15-جابر، جابرعبدالحميد واحمد خيري كاضم (1973): مناهج في التربية وعلم النفس، دارالنهضة العربية، القاهرة.
16-جابر، وليد احمد (2005): طرق التدريس العامة، تخطيطها وتطبيقاتها التربوية، دارالفكرناشرون وموزعون، ط2،عمان.
17-دريك بل، جان جونتسن مارك شاند (٢٠٠٧): فن تدريس المنهاج في المرحلة الابتدائية ،ترجمة ،خالد العامرى ، دارالفاروق للنشروالتوزيع ، القاهيرة.
18--علي، محمد السيد (2007): التربية العلمية وتدريس العلوم، دارالمسيرة للنشرو التوزيع، ط2 ، عمان.

ماستەرنامە بەزمانی كوردی:
١-محمد ، كاوه على ( ٢٠١٣): ڕێژەی ڕەچاوكردنی ئامانجە پەروەردەییە هزرییەكان بەپێی پۆلێنی بلۆم لەپرسیارەكانی تاقیكردنەوەكانی كۆتایی ساڵ لەبابەتی مێژووی پۆلی شەشەمی ئامادەیی. كۆلێژەی پەروەردە، بەشی باخچە،زانكۆی كۆیە.
ماستەرنامە بەزمانی عربی:
١-البادي ، بدربن حمد بن حميد (2020):تقويم اسئلة االختبارات النهائية لمواد الدراسات االجتماعية للصف العاشر في ضوء مستويات بلوم المعرفية وقواعد صياغة اسئلة االختيارمن متعدد، كلية التربية بالجامعة الإسلامية العالمية بماليزيا.
٢-جاسم ، زينة حسن توفيق (2012): تقويم الأسئلة ألامتحانية الوزارية لمادة الجغر افية للصف السادس الابتدائي على وفق تصنيف بلوم، *كلية التربية الاساسية /جامعة ديالى*
٣-خليل ،يوسف احمد (٢٠١٠):تقويم أسئلة االمتحانات الوزارية لمادة األحياء للصفين الثالث المتوسط والسادس العلمي من وجهة نظرالمدرسين والمدرسات، معهد إعداد المعلمين – بعقوبة،ديالى.

الملخص-:

تقويم أسئلة اختبارمادة التاريخ للصف الثاني عشرالأدبي على ضوء تصنيف بلوم ومن منظورمعلمي المادة

للتأكد من أن أسئلتنا مناسبة ، وأنها متو افقة مع التغييرات والتطورات ومستوى الطلاب ، وأنهم يحققون أهداف التعليمية ، يجب وضعهم تحت عملية التقييم لتحديد نقاط القوة والضعف لديهم أيضًا، وفيما يتعلق بتحديد نقاط الضعف بغرض التصحيح ، وكذلك النقاط الأقوى لغرض التطوير، فهذا يعني خطوة نحو تصحيح هذه الأسئلة وتطويرها وملاءمتها

تبرزأهمية هذا البحث أنه حتى الآن لم يتم إجراء مثل هذه التقييمات في إقليم كوردستان في الوقت الذي تواصل فيه وزارة التربية والتعليم ،وجهودها لرفع مستوى العلم والجيل العلمي بنفس الأهداف المتقدمة والحديثة، والاحتياجات والتطورات الجديدة في هذا المجال.

والغرض من هذه الدراسة هوتقييم وشرح أسئلة منهج مادة التاريخ للصف الثاني عشرللعام الدراسي (2020-2021) وفقًا للجدول الخاص وتصنيف بلوم، وأيضًا لتقييم استبيان مسح موضوع التاريخ لـ 12 فرعًا أدبيًا من منظورالمعلمين غيرموضوعي ، بناءً على تغييرالجنس (ذكوروإناث) وسنوات من التجارب وشهادة ، ولتحقيق هذه الأهداف استخدم الباحث أسلوب الوصفي ، وأداة البحث للإجابة على الأسئلة المبنية على مستوى تصنيف بلوم وإعداد مقياس للاستبيان للعام الدراسي (2020-2021) احتوى على (44) فقرة بعد التأكد من صحة وموثوقية العناصرالمطبقة على مثال الدراسة والتي تضمنت مثالاًعلى تضمن البحث في استبانة الاختبار(50) سؤالا ، كما كان المشاركون (131) مدرس تاريخ بمحافظة السليمانية ، واستخدام الباحث برامج (spss) للبيانات ، وأخيراً ع. الاستياء من النتائج وبعض الاقتراحات في ضوء البحث.

مفتاح كلمة :تقويم ، اسئلة الامتحانية، تاريخ، تصنيف بلوم، مدرسين مادة.

**Abstract:-**

Evaluating the questions of the history subject test for the twelfth grade of literary because of the light of the bloom taxonomy and from the perspective of the subject's teachers

To make sure that our questions are appropriate, that they are compatible with changes, developments, and the level of students, and that they achieve our educational goals, they should be put under the evaluation process to determine their strong and weak points, as well as to identify weak points for the purpose of correct, as well as points that are stronger to develop, it means a step towards correcting, development, and appropriateness of these questions.

The importance of this research provides that so far such assessments have not been carried out in the Kurdistan Region at a time when the Ministry of Education is continuing its efforts to raise the level of science and scientific generation with the same goals as the developed and modern needs and new developments in this field.

The purpose of this study is to evaluate and explain the questions of the $12^{th}$-grade history subject syllabus for the study year (2020-2021) according to the special table and the bloom taxonomy, Also, to evaluate the questionnaire of history's subject scanning for 12 literary branches from the perspective of teachers is subjective, based on gender change (male and

female) and years of experiences and expertise, To achieve these goals, the researcher used a method of description, and the research tool is to answer questions based on the level of bloom taxonomy and prepare a scale for the questionnaire for the school year (2020-2021) it was contained (44) items after being sure of the validity and reliability of the items applied to the study's example, which included an example of the research in the testing questionnaire that included 50 questions, also the participants were (131) history teacher in Suleimani province, the researcher used (spss) programs for data, as well as finally presenting results and some suggestions under the light of the research

Key Words: Evaluation, Test Questions, History, bloom taxonomy , Subject Teachers

**پاشکۆ**

| ژ | ناوی پسپۆڕان | پلەی زانستی | پسپۆڕی | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | د. سۆلاڤ فائق محمد | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی و انەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی |
| 2 | د. سابیر بکر مصطفی | پرۆفیسۆر | دەرونز انی پەروەردەیی | زانکۆی سلێمانی |
| 3 | د. حامد مصطفی بلباس | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی و انەوتنەوە | زانکۆی سەڵاحەددین |
| 4 | د. عمر ابراهیم عزیز | پرۆفیسۆر | دەرونز انی پەروەردەیی | زانکۆی سەڵاحەددین |
| 5 | د. کریم شریف قەرەچەتانی | پرۆفیسۆر | پێو انە و هەڵسەنگاندن | زانکۆی سلێمانی |
| 6 | د.نیزام عبدالجبار | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی و انەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی |
| 7 | د.علی عبدالرحمان جمعه | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی و انەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی |
| 8 | د. مولود حمد نبي | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی و انەوتنەوە | زانکۆی دهۆك |
| 9 | د.جواد نعمت حسین | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی و انەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی |
| 10 | د. ایناس احمد عزیز | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کلینیکەل سایکۆلۆژی | زانکۆی سلێمانی |
| 11 | د. ئاراز حکیم رضا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەرونز انی پەروەردەیی | زانکۆی سەڵاحەددین |
| 12 | د. زەردەشت محمدرووف | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ڕێگاکانی و انەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی |
| 13 | د.کریم احمد عزیز | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ڕێگاکانی و انەوتنەوە | زانکۆی گەرمیان |
| 14 | د. عبدالصمد احمد محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەرونز انی پەروەردەیی | زانکۆی سلێمانی |
| 15 | د.بان صباح یحیی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەرونز انی پەروەردەیی | زانکۆی سەلاحەدین |
| 16 | د. سلوی احمد امین | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | پێو انە و هەڵسەنگاندن | زانکۆی سەڵاحەددین |
| 17 | د.فرهاد علي مصطفی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ڕێگاکانی و انەوتنەوە | زانۆکی سەلاجەدین |
| 18 | د.حسن فخرالدین خالد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەرونز انی پەروەردەیی | زانکۆی سلێمانی |
| 19 | د.دڵشاد عمر عبد العزیز | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | مێژووی هاوچەرخ | زانکۆی کرکوك |
| 20 | د.محمدامین علی عبدالله | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | مێژووی کۆن | زانکۆی ڕاپەڕین |
| 21 | د.وفاء محمد حسینی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | پەروەردەی هونەری | زانکۆی سلێمانی |
| 22 | د.احمد علی بابان | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | پەروەردەی کۆمەڵایەتی | زانکۆی سلێمانی |
| 23 | د.تانیا نورالدین صابر | مامۆستا | ڕێگاکانی و انەوتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین |
| 24 | د.هەناو حسن محمد | مامۆستا | دەرونز انی پەروەردەیی | زانکۆی سلێمانی |
| 25 | د. نەوژین بەختیار ساڵح | مامۆستا | ڕێگاکانی و انەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی |